# ڕۆژێکی عەدالەت بۆ قوربانیانی ئەنفال

د.کەمال سەید قادر
drkamalsaidqadir@gmx.at

مەبەستی سەرەکی داداگاییکردنی تاوانباران گەیشتنە بە ڕاستیو دابینکردنی عەدالەت, گەیشتن بە عەدالەت واتە ڕاستکردنەوەی تەرازوی خواری ماف، گێڕانەوەی ماف بۆ ئەو کەسەی مافەکەی خوراوە، یاخود ئەگەر ئەمە لە حالەتێکا نەگونجا، وەکو حالەتی کوشتن کەوا مافی ژیان ناتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ مردو، ئەوا سزادانی بکوژو قەرەبوکردنەوەی کەسوکارەکەی دەتوانن ئەم ئامانجە بپێکێنن.

سزای هەر تاوانێکیش دەبێت پێوەرەکەی تاوانەکە خۆی بێت. سزادانیش خۆی لە خۆیدا ئامانجێک نی یە بەلکو تەنها میتۆدێکە بۆ دابینکردنی عەدالەتو چاکسازی کۆمەلگاو دابینکردنی ئاسایشو سەقامگیری.

سزادان بە شێوەیەکی گشتی سێ ئامانجی هەیە:

1. تۆلەسەندنەوە لە تاوانبار لە ڕێگای ئازاردانی: جا چ لە ڕێگای لە سێدارەدانی، زیندانی کردنی یا سزای مادی یەوە بێت. جگە لەوەش کەوا سزای دادگایی سزای کۆمەلایەتیش بە دوای خۆیدا دەکێشێت، وەکو ڕسواکردنی سزادراو لە نێو کۆمەلگادا. ئەمەش هەموی بە مەبەستی ئەوەی کەوا تاوانبار هەست بکات کەوا کاری خراپ دەرئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە. جگە لەوەش سزادانی تاوانبار هەستی عەدالەتی لە لەلایەن قوربانیانو کۆمەلگادا دەخولقێنێت کاتێک دەبینن تاوانبار ئازاری تاوانێک دەکێشێت کەوا بەرامبەر بە قوربانیانو کۆمەلگا کردویەتی.
2. ڕێگە گرتن لە تاوان بە شێوەیەکی گشتی: لێرەدا سزادانی تاوانبارێک دەبێتە دەرسێک بۆ هەمو کۆمەلگاو کەسانێک کەوا لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لە ئەنجامدانی تاوان بکەنەوە.
3. ڕێگاگرتن لە تاوانبار خۆی: لێرەدا تاوانبار تەمبێ دەکرێت تاکو لە دوارۆژدا تاوانی تر ئەنجام نەدات، یاخود هەر لە سێدارە دەدرێت یا هەتا هەتایی زیندانی دەکرێت بۆ مەبەستی بنبڕکردنی ئەم خەتەرە بە شێوەیەکی هەمیشەیی.

دادگایی کردنی سەدام حسێنو هەندێ لە هاوتاوانەکانی هەمان ئامانجەکانی سەرەوەیان هەیە.

بەلام لێرەدا دەبێت بوترێت کەوا تاوانی جینۆسایدی وەکو ئەنفال تاوانێکی لە ڕادەبەدەر گەورەو تایبەتە کەوا دژ بە قوربانیانو کۆمەلگای کوردیو هەمو مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە.

من دلنیام لەوەی کەوە دادگایی کردین ئەم دەستە تاوانبارە هەمو ئامانجەکانی خۆی دەپێکێنێت، چونکە ئەم تاوانبارانە هەتا هەتایی ناتوانن تاوانێک دژی کەسێک لە دەرەوەی زیندان ئەنجام بدەن هەتا ئەگەر سزای مردنیشیان بە سەرا جێ بە جێ نەکرێت. سزادانیان دەبێتە دەرسێکیش بۆ هەمو دکتاتۆرێکو کەسێکی تر کەوا ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لە ئەنجامدانی تاوانی لەم جۆرە بکاتەوە. جگە لەوەش کەوا دادگایی کردنو سزادانی ئەم تاوانبارانەش دەبێتە جۆرێک لە دلدانەوەو خولقاندنی هەستی عەدالەتی لە لایەن قوربانیانی ئەنفالو کۆمەلگای کوردیو هەمو کۆمەلگای مرۆڤایەتیش.

گومان لێرەدا لەوە نی یە کەوا داگایی کردنو سزادانی ئەم تاوانبارانە هەنگاوی گرنگن بەرەو دابنیکردنی عەدالەت، بەلام کێشەکە بەمە کۆتایی نایەت، چونکە دادگایی کردنو سزادانی ئەم تاوانبارانە مەحالە بتوانن بە تەنیا عەدالەت بۆ قوربانیانی ئەنفال بەرپا بکەن. ئەگەر بەراوردی حالەتی تاوانی ئەنفال بکەین لە گەل تاوانەکانی تری جینۆساید لە مێژوی نوێدا هەروەکو ئەوەی لە ئەلمانیاو، بۆسنیاو ڕواندا ڕویاندا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەوا دابینکردنی عەدالەت بۆ قوربانیانی ئەنفال کەمو کورتی زۆری هەیە، وەکو:

1. سەدامو هاوتاوانباری ڕێژەی یەک لە سەد هەزاری تاوانبارانی ئەنفالیش پێک ناهێنن، چونکە تاوانێکی وا گەورەی جینۆساید وەکو تاوانی ئەنفال کەوا لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا دەستی پێ کرد وە تا ڕوخانی ڕژێمیش لە سالی **2003** بەردەوامبو، جا چ لە ڕێگەی کوشتنی مرۆڤی کوردەوە بوبێت یاخود دەربەدەرکردنی، ناتوانرێت تەنها بە سەدام حسێنو چەند هاوتاوانێکی ئەنجام بدرێت، بەلکو دەها هەزار کەسی تری تیا بەشدار بوە بە جاشە کوردەکانیشەوە. تا ئێستاش یەک تاقە کەسی تر لەم تاوانبارانە نە دەستگیرکراون، نە دادگایی کراون نە بە شێوەیەکیش لە شێوەکان سزادراون، ئەگەر پاداشتیش نەدرابنەوە. تاوانباری گەورەی ئەنفال نزار خەزرەجی توانی بە یارمەتی لایەنی دەرەکی خۆی لە دەست عەدالەتی دانمارکی ڕزگار بکات، بە هەزارەها لە ئەفسەرانو کۆنە جاشەکانی بەشداربوی ئەنفال ئەوا ئێستا بونەتە خاوەن ئیمتیازات، هەیانە وەزیرەو، پەرلەمانتارو فەرماندە لە کوردستانو عێراقیش.

دادگاکانی کوردستان دەبوایە یەکەم لایەن بن هەلسن بە داداگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال وە بە لایەنی کەمەوە بە جاشەکان دەست پێ بکەن لە جیاتی ئەوەی خۆپشاندەرانو نوسەران دادگایی بکەن. دادگایی کردنو سزادانی تاوانباران دەبێت بە پێ ی یاسا هەمو تاونبارانو بەشداربوان لە تاوانەکە بگرێتەوە. هەربۆنمونە لە پاش تاوانی جینۆسایدی ڕواندا لە سالی **1994** زیاتر لە سەد هەزار تاوانبار دەستگیرکران وە هەزارەها لەوانە تا ئێستا سزا دراون، وە هەتا لە هەندێ حالەتیشدا لە لادێکانیش دادگای تایبەت دانران. من نالێم با لە هەر دێ یەکی ئەنفالکراوی کوردستان دادگایەکی تایبەت دابنرێت بۆ دادگایی کردنی جاشو تاوانبارانی تری ئەنفال، هەرچەندە

خۆی دەشبایە وا بێت، بەلام دەلێم بە لایەنی کەمەوە با دادگاکانی کوردستان بەم کارە هەلسن وەکو ئەرکێکی خۆیان نەک چاوەڕوانی دادگای بەغدا بن ئەم کارەیان بۆ بکات. جا لەم بوارەدا دەتوانن بلێین کەوا عەدالەت بەرپا نەبوەو نابێت تاکو هەمو تاوانباران بە سزای خۆیان نەگەن.

2- دابینکردنی عەدالەتی تەواو بۆ قوربانیانی ئەنفال بە تایبەتو گەلی کورد بە شێوەیەکی گشتی دەبێ بە لایەنی کەمەوە لە لایەنی یاساییو، ئابوریو، کۆمەلایەتیو مەعنەوی وە هەنگاوی زۆر گەورەو ڕاستەقینەی بۆ بهاوێژرێت.

لە لایەنی یاسایی یەوە دەبوایە هەمو ئەو بڕیارو یاسایانەی ڕژێمی بەعس کەوا بە مەبەستی جینۆساید کردنو تەعریبکردن دەریکردبون، ڕەشکرابانەوە. بەلام لە ڕاستیدا زۆر لەم بڕیارو یاسایانە ئێستاش بە مەبەستی کۆن کاریان پێ دەکرێت بە تایبەتی لە کەرکوکو موسلو دیالە. وە هەتا ئەو ناوچانەی کەوا لە لایەنی ئیداری یەوە لە شارە کورستانی یەکان دابڕاندرابون، ئێستاش هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە.

لە لایەنی ئابوریشەوە دەبوایە بە پێ یاساو عورفی نێودەولەتی، قوربانیانی ئەنفال لە لایەنی مادی یەوە قەرەبو بکرێنەوە، وەکو گەڕاندنەوەی مولک بۆ قوربانی یەکانو، قەرەبو کردنەوەی زیانەکانیانو قەرەبوکردنەوەی کەسوکاری شەهیدانی ئەنفال. ئەم مەرجانەش تا ئێستا بە شێوەی پێویست جێ بە جێ نەکراون.

لە لایەنی کۆمەلایەتیشەوە ئەوا هەمو لایەنەکمان ئاگاداری ئەوەین چۆن خێزانانی ئەفالکراوو کەسوکارەکانیان بە دەست گیروگرفتی جیا جیاوە دەنالێنن. منالانی دایکو باوک ئەنفالکراو بێ نازو سەرپەرشتی تایبەت گەورە دەبن، چارەنوسی ژنانی مێرد ئەنفاکراو هێشتا لا بەلا نەکراوەتەوە، بە دەها هەزار قوربانیانی ئەنفالو کەسوکارەکانیان پەراگەندەی ئۆردوگاو خێوەتگاو یاریگاکانن.

لە لایەنی مەعنەویشەوە، دەبوایە یەکەم کار کەوا دەولەتی عێراقی نوێ پێ هەلسێت، داوای لێ بوردنکردن بێت لە گەلی کوردو قوربانیانی ئەنفال، چونکە بە پێ ی یاسای نێودەولەتی، دەولەتی نوێ ی عێراق میراتگری ڕژێمی بەعسە بۆیە لێپرسراوەتی یاساییو مادیو مەعنەوی بەرامبەر بە قوربانیانی ئەنفال دەکەوێتە سەر شانی دەولەتی عێراق لە ژێر حکومەتی نوێدا. گۆڕانی حکومەتێک هیچ شتێک لە ئیلتیزاماتی دەولەتەکە خۆی ناگۆڕێت. ئەمەشیان نەک هەر نەکراوە، بەلکو حکومەتی ئێساتی عێراق هەولیش دەدات بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی کەوا تاوانەکانی ئەنفال بە دەستیان هێناوە وەکو تەعریبکردنی کەرکوک بۆ نمونە.

لە سەر ئاستی کوردستانیش دەتوانم بلێم ئەوەی تا ئێستا بۆ تاوانبارانی ئەنفال لە جاشو کۆنە بەعسی کراوە بۆ قوربانیانی ئەنفال نەکراوە، ئەگەر جار جار شتێکیش کرابێت ئەوا لە سەر بناغەی جیاوازی کردن بوە. بۆ نمونە کاتێک تەرمی هەزارەها لە قوربانی یەکانی تاوانی ئەنفالی بارزانی یەکان لە خواروی عێراقەوە هێنرانەوە کوردستان وە لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە خال سپێردران، کەوا مافی خۆشیانە، تەرمی دەها هەزار لە قوربانی یەکانی ئەنفالی ناوچەکانی بەرواریو گەرمیانو شەنگال هێشتا لە ژێر لمی بیابانەکانی عێراق چاوەڕوانی دەستێک دەکەن بیانگەڕێنێتەوە خاکی بابو

باپیرانیان. بەلام دیارە کەس ئامادە نی یە ئەم زەحمەتە بکێشێت.

دیارە جیاوازی کردن لە نێوان مردوانیش دەکرێت.

بۆیە دەتوانین دوبارەی کەینەوە کەوا ئەگەرچی دادگایی کردنی سەدامو هاوتاوانەکانی هەنگاوێکی سەرەکین بەرەو دابینکردنی عەدالەت، بەلام دابینکردنی عەدالەت بۆ قوربانی یەکانی ئەنفال هێشتا ڕێگایەکی دورودرێژی لە پێشە، ئەمەش ئەگەر خاوەنی هەبێت.